عەبدوڵڵاڕ حەسەن زادە:

ململانێی ناڕەوا تائێستا حیزبی دیموکراتی ورد کردووە و ئەمجارەش هەر وردی دەکا

عەبدوڵڵای حەسەن زادە کە لەکۆنگرەکانی 10و 11و 12 سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە دوای کۆنگرەی 13 کە مستەفای هیجری بوو بە سکرتێری حیزب کەوتە بااڵی ئۆپۆزسیۆن و کەمینەوە،کە دواجار ئەو باڵە لەڕۆژی 2006/12/6 بەیاننامەی کارکردنی خۆیان بە جیا بەناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران) بڵاوکردەوە. عەبدوڵڵای حەسەن زادە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەوان جیابوونەوە بەڵکو دەڵێ حیزبەکە لەتبووە:

*** نەدەکرا پێکەوە بمێننەوەو حیزبەکە لەتنەکەن؟**

– ئێمە هەوڵی دنیاماندا کەئەو حیزبە لەتنەبێ، بەڵام ئەوان پێکەوەبوونێکیان دەویست کەبەشێك ساحێبی حیزبەکەبن و بەشێکیش بێگانە و بێ دەسەاڵتبن.ئێمە قەت باوەڕمان بەهاوبەشی وانەبووە لەحیزب دا، هەمیشە گوتوومانە حیزب دەبێ هی هەموان بێ، بەدەسەاڵت و ئەرکی وەك یەکەوە، بەاڵم بەیرویاوەڕی جیاوازەوە. دەبێ لەنێو حیزب دا ڕێگەی دەربڕینی بیروڕا بۆ هەموان هەبێ، بەاڵم ئەوان ڕێی هیچ ئازادییەکی بیروڕا هەڕەوەها مەجالی هیچ هاوبەشییەکیان لەبڕیاریشدا نەدەدا. لەوبارەشەوە نمونە یەکجار زۆرن. بۆنمونە بەدەیان بڕیاری مەکتەبی سیاسی دراون، کەچی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو قۆڵەی ئەوان بەنامەحرەمی دەزانن ئاگایان لێ نەبووە. زۆر کار تاك لایەنە کراون. نمونەیەکی دیکە ئەوانەی شارەزای حیزبی دیموکراتن دەزانن ئەوانەی ئێستا لەگەڵ ئێمە هاوفکرن کەسانی بەتوانایان لەبواری نووسین و کاری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دا یەکجار زۆر تێدان، بەاڵم کە تەلەڤزیۆنی تیشك دانراوە یەك نەفەریشی بۆ نمونە لەوبەشە تێدا نەبووە کە ئەوان بەنامەحرەمیان زانیوە، هەموویان لەخۆیانن. لەزۆر شتی دیکەشدا وایانکردووە کەئەو حیزبە دەبێ یەکدەست بێ و هەموو شتێك لەوان بێ. لەبەرئەوەش نەمانتوانی چیتر ئاوا درێژە بە لەگەڵ یەکتر مانەوە بدەین، زۆر خەڵکیان سزادا و زۆر خەڵکیشیان ناچارکرد بڕوات. ئەوەندە ئالوگۆڕەی لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراون جورج بوش کە بووەتە سەرۆك ئەوەندە ئالوگۆڕەی لە ئەمریکایەکی 200–300 ملیۆن کەسیدا نەکردووە.

*** بوونی ئەو کوتلەبەندییە لەناو حیزبی دیموکرات دا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

– دوو جۆر بیرکردنەوە لەحیزبێکی دیموکرات دا شتێکی ئاساییەو، دەتوانم بڵێم لەسەرەتای دامەزرانی حیزبی دیموکراتەوە هەیە، لەڕۆژی دامەزرانی پارتی، لەڕۆژی دامەزرانی حیزبی شیوعییەوەو لەڕۆژی دامەزرانی موجاهیدینی خەڵقەوە هەبووە. بەاڵم گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. من دوو جار لە جەناح دابوومە، پێش کۆنگرەی 10 لەجەناح دابوومەو پاش کۆنگرەی 13یش لەجەناح دابوومە، ئەگەرنا هەمیشە وەك کەسێکی بێالیەن ڕەفتارم کردووە. پێش کۆنگرەی10 ئێمە جیاوازیەکی بیروڕا هەبوو، ئێمە یەکخستنەوەی حیزبی دیموکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان-ڕێبەرایەتی شۆڕگێڕمان بە کارێکی باش دادەنا، بەاڵم ئەوان زۆرجار ئەوەیان بەخیانەت ناودەبرد. دوای کۆنگرەی 13 لەئەنجامی کردەوە پاوانخوازییەکانیان ئەمن لەگەڵ جەناحێك کەلە کەمایەتیدابوونە کارم کردووە. ئەوان لەکۆنگرەی 13دا لەهەموو کۆنگرە 8 کەسیان بۆ موخالیفانیان دانابوو لە کۆمیتەی ناوەندیو 15 کەسیان بۆ خۆیان دانابوو. ئەوانی دیکەش دەیانتوانی لەکۆنگرەکانی دیکە وابکەن، بەاڵم هیچ کاتێك لەدوو کەس زیاتر ڕەفاوتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان دانەناوە لەکەمایەتییەکانی دیکە، بۆئەوەی ئەو حیزبە هی هەموان بێ.

*** بەاڵم حەسەنی شەرەفی دەڵێ ئەو کوتلەبەندییە بەو شێوەیە لەکۆنگرەی 10و لەسەردەمی بوونی تۆ بەسکرتێر دەستپێکردووە، کاتێك پێش کۆنگرە دەنگۆتان لەسەر مستەفای هیجری بلاوکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەو بە سکرتێر دەرنەچێتەوە کەدوای تێرۆرکردنی شەرەفکەندی ببووە سکرتێر؟**

– ئەوە بۆخۆی شتێکی عەنتیکەیە بەوە بڵێی سەرەتای جەناحەبەندی، چونکە لەدوای ڕاپەڕینی گەالنی ئێران دژی ڕژێمی شا دووجار لەتبوون لەحیزبی دیموکرات دا ڕوویداوە، جارێکیان لەکۆنگرەی چوارەم دا کە کۆمەڵێك خۆیان ناونا (پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم) لەحیزب دەڵێ کوتلەبەندی نەبێنی تاوانە تاسنوری خیانەت، هەموو کەس دەستی لێ هەڵگرت ئەوان دەستیان لێ هەڵنەگرت بۆ ئەوەی لەکۆنگرەی 13دا سەرکەون. کۆنگرەی 10 کە لەهەولێر بەسترا زۆرایەتییەکی زۆر موتلەق بەبێ دەستەبەندی نهێنی لەدەست ئێمەدا بوو، بەاڵم تەفاوتی زۆرایەتی و کەمایەتی لەکۆمیتەی ناوەندی دا بە سێ کەس دەرچووەوە، پێش کۆنگرە 4 کەس لەوان لە مەکتەبی سیاسیدا بوون ومن بەتەنیا لایەك بووم، لەدواییدا بەهەوڵی من ئەو مەکتەبی سیاسییە وەکو خۆی هەڵبژێردرایەوە، لەکاتی کاردانەوەشکردنیش دا هەرچی کۆمسیۆن و پۆستی گرنگە درایە ئەوان، ئەوەش وایکرد ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکی زۆری هاوڕێیانم ببمەوەو پێیاندەگوتم بۆ هێندە ئیمتیازیان دەدەیێ، منیش پێمدەگوتن ئێمە هەموو هەوڵێکماندا بۆ ئەوەی بەشێك لەحیزب کە لێمان دوورببوو لەگەڵ حیزب بەگبگرێتەوە، ئێستا کە بەشێکمان هێناوەتەوە چۆن وابکەین بەشێکی دیکە بڕوا. لێرەدا پێمخۆشە ئەو نمونەیەش بێنمەوە جارێك لەنێو خێزانەکاندا باسکرابوو خێزانی ڕەفیقێك کە ئەوکات لەکەمایەتیدابوون گوتبووی: ئێوە بەچییەوە دەنازن، هەتانەو نیتانە سکرتێرێکی ڕەق و ڕووقە، کەچی بەڕپرسی پێوەندییەکانی هەولێر، سلێمانی، بەغدا، فەرانسەو ئەوروپا هەموویان لەئێمەن. ڕاستیشی دەکرد، ئێمە بەوشێوەیە بووین لەگەڵیان، بەاڵم ئەوان هەرچی بێ ڕەحمی بوو لەکار دابەشکردندا دەیانکرد، هەروەها هەوڵیانەدا مرۆڤە بەتواناکان لەالیەنی موقابیل حەزفبکەن نەك مرۆڤە بێ تواناکان. پاشتریش وەك مرۆڤی پلە دوو تەماشای کەسانی دیکەیان دەکرد جا لەهەر بەڕپرسیارەتییەك دابووین.

*** ئەوان دەڵێن ئێمە لە 20 خاڵەکەی ئێوە نزیکەی 15 خاڵی ئێوەیان قبوڵکردن، کەچی دواتر ئێوە (پێش شەڕت)تان بۆ دانان تا لەگەڵیان دابنیشن. بۆچی پێش شەرتتان دانان؟**

– حەسەن شەرەفی لەچاوپێکەوتنەکەی ئێوەدا دەڵێ عەبدوڵڵای حەسەن زادە گوتی من پێش شەڕتم هەن. بۆخۆی دەزانێ کە ئەوە وانییە، ئەسڵەن وشەی پێش شەرت بە سەر زاری من دانەهاتووە، قەت. تەنیا یەك خاڵیشیان بەتەواوی قبوڵکردووە کەئەویش ئەوەیە ڕێگە بەکادرانی حیزبی بدرێ هەم کاری حیزبی بکەن و هەم بخوێنن. کەچی 12 خاڵەکەی دیکە کەباسیان کردوون یان بۆ ڕەتکردنەوە باسیان کردوون یان بۆ شێواندن. نەمانگوتووەپێش شەرت، بەڵکو گوتمان موافەقەت نامەیەك کە پێیدەگەین دەبێ ئیمزای بکەین چونکە ئێمە متمانەمان بەیەکتر نەماوە. هەتا ئێمە لەگەڵ ئەوەبووین نێوبژیوانێکی دەرەوەی حیزبیشی تێدابێ. هەروەها لەماوەی گفتوگۆکاندا بەدەیان کەسیان بەهۆی ئەوە کە لە باڵەکەی دیکەن دەکردن، گوتمان دەبێ ئەوانە بگەڕێنەوەو ئەو بڕیارانە دەبێ هەڵوەشێنەوە.

*** ئەوان دەڵێن ئێوەگوتوتانە پێش گفتوگۆکان دەبێ ئیمزا بکەین کە حیزب دووبالە،ئەوانیش بەئێوەیان گوتوە ئێمە گفتوگۆ بۆ ئەوە دەکەین کە نەبێتە دووبارێ**

داوا دەکەین ئەو پارەی حیزبی دیموکرات کە هەیە بەشیبکەین

بەخۆت تۆڵە بستێنی بچی موراجەعە بەیاسا بکەی.

*** بەاڵم ئێوە حیزبێکی باشووری کوردستان نین و لێرە مۆڵەتتان نییە؟**

– جا چییە،خۆ کۆمەڵە کەسێك هەین.ئەوجارە جیاواز لە ئینشیقاقەکانی پێشوو، 2 ئەندامی مەکتەبی سیاسیو 4 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو 5 ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیو 2 ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کە بەگشتی دەکاتە 13 کەس لەگەڵ ئێمەن. پاشان بابێن تەماشا بکەن لە قاعیدەی حیزبدا چ نەخش و نیگارێکە، داخوا کێ لەوالیە کێ لەم الیە. بەاڵم ئێمە ئەوە دەدەینە دەست یاسا.

*** دەگوترێ گوایە تۆ داواتکردبوو بکرێی بەسەرۆکی حیزب یان سەرۆکی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی حیزب؟**

– نەخێر ئەوە لەبنەڕەتەوە ڕاست نییە، هەموو ئەو تۆمەتانەش ئەوان دروستیان دەکەن. هەرچەندە شتێکی خراپیشە، بەاڵم من لەتەواوی ژیانی خۆمدا لەبەر کورسی و وەرگرتنی کورسی هەاڵتووم. من کە ویڵی دەسەاڵتبام چۆن لەکۆنگرەی 11دا پێشنیارم دەکرد نابێ هیچ کەس زیاتر لەدوو دەورەی لەسەر یەك خۆی بۆ سکرتێرایەتی حیزب بیاڵوێ، لەکۆنگرەی 12 دەیانویست ئەو مادەیە لابەن، گوتم کەیفی خۆتانە، بەاڵم عومری من لە حیزبی دیموکرات دا بەقەد عومری ئەو مادەیەیە، ئەمڕۆ الیبدەن منیش هەر ئەمڕۆ ئیستیقاڵە دەکەم لەحیزبی دیموکرات.

*** ئێستا تۆ دەتوانی بڵێی من قەتعەن نابم بەسکرتێرو سەرۆکی نەو بااڵی کە جیابووەتەوە؟**

– با ڕۆژان و ڕووداوەکان ئەوە نیشانبدەن، بەاڵم بۆ قەتعەن نەبم. ئەگەر میللەتی کوردو ئەو بەشەی حیزبی دیموکرات کەمنی تێدام پێویابوو زەروورە ببم بۆ بڵێم نابم. جارەکانی دیکەش هەر ئاوبوومێ. لەکاتی کۆنگرەی 12 من گوتبووم خۆم بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنابژێرمەوە، ڕازیببون، مابووەوە پایەی سکرتێری، دوو باڵ بوون لەسەر ئەوە ڕێکەکەوتن. هەردووکیان یەك لەوان جەناحی کاك مستەفای هیجریو کاك حەسەنی شەرەفی نەجارێك دە جار هاتنە الم دەیانگوت نابێ بکشێیەوە دەبێ ئەو حیزبەو یەگگرتوویی ئەو حیزبەی ڕزگار بکەی. دواییش کاك حەسەنی شەرەفی بەدەستی خۆی گوللیکی گەورەی سازکردو کاك مستەفای هیجریش پێشکێشی کردم وەك ڕێزگرتنێك لەوڵی من لەرزگارکردنی یەکڕیزی حیزب لەتێکچوون.

*** پارەو حیسابە بانکییەکانی حیزب لەدەست ئێودان یان ئەوان؟**

– دیارە کاك حەسەنی شەرەفی لەو ڕووەشەوە خۆی لەڕاستییەکان الداوە، کە دەڵێ ئاگام لەهیچ نییە لەو بارەوە. ئەوە ڕاست نییە. ئێمە کاتی خۆی هەیئەتێکمان بۆ دروستکرد، بەاڵم خەرجکردن و دەرهێنانی پارە لەو حسابە بانکیانە بەدەست سکرتێرو جێگری سکرتێرو کەسێك کە لەئەوروپایە، بەئیمزای ئەوان دەبێ، کەوابێ بەدەست ئەوانەوەیە.

*** ئەی ئێوە پارە لەکوێ دێنن؟**

– داوادەکەین ئەوپارەیەی کەهەمانە بەشیبکەین، ئینجا ئەوان لەکوێی پەیدای دەکەن ئێمەش لەوێی پەیدا دەکەین.

*** ئەوان دەڵێن نە پارتی و نەیەکێتی هاوکاری دارایی نادەنە حیزبی دیموکرات؟**

– هەر ئەوەندە دەڵێم کە لێرەشدا ڕاستییەك نەگوتراوە، بۆ جارێکیش بوایە دەبوا ڕاستی بگوترابوایە، بەوە دەگوترێ نا سوپاسی.

*** ئەوان دەڵێن بەکارهێنانی ناوی حیزبی دیموکرات و ڕۆژنامەی کوردستان و لەنایندەدا بەکارهێنانی ناوی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، ناوی بەکیشەن لەنێوان ئێمەو ئەوانداو ئەگەر ئەو ناوانە هەڵگرن لەسەر خۆیان نامادەین وەك دوولا هاوکاری و هاوپەیمانیان بکەین؟**

– ئێمەش بەهەمان شێوە دەڵێین ئامادەین هاوکاریان بکەین ئەگەر ئەوان ئامادەبن ناوی حیزبی دیموکرات لەسەر خۆیان الببەرن.

*** بەاڵم ئەوان دەڵێن ئێمە ڕۆژینەین؟**

– دەی جا چییە ئەوان ڕۆژینەن. ناوی حیزبی دیموکرات لەسەر کەس تاپۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو عەقلیەتە دووچاری کێشە نەبین ئێمە هاتوین گەاوینەتەوە سەر ئەسڵی حیزبەکەمان کە ئەو حیزبە لەسەرەتاوە کەدامەزراوە ناوی بۆ

د.قاسملۆی دا ئێمە شەرمان دەگەڵ پارتی هەبوو، بریا نەبوایە، بەاڵم بووە، لەگەڵ یەکێتی شەرمان نەبوو، ئەوە کوێی تەعادولە، دوای سااڵ و نیوێك لە شەهیدبوونی د.قاسملۆ ئەوجا پەیوەندی ئێمەو پارتی بەڕەسمی دەستپێکردۆتەوە، حاڵەتی شەرو ناخۆشیمان بەخۆشیەوە نەبوو، 60 پێشمەرگەی ئەوان بۆ ماوەی دوو هەفتە لەنێو بارەگاکانی ئێمە دابوونە پاراستومانن لە هێرشی سوپای عێراق،پێشمەرگەی ئێمە لەئێران چووبوونە نێو بارەگاکانی ئەوان و پەنایان دابوون و ڕەتیانکردبوون، بەاڵم حاڵەتی ڕەسمی پەیوەندییەکە تا سااڵو نیوێك دوای شەهیدبوونی د.قاسملۆ نەگەڕاوەتەوە. لەپاشاندا پێمبڵێ لەکوێدایە ئەو پەیوەندییە تێکچوە، گوتی وەاڵ مەبەستم ئەوەبووە. گوتم ئەی بۆ وادەڵێی، نەخێر دەتەوێ وا نیشانبدەی کە گوایە پەیوەندی بەالیەکدا کەتووەو مەبەستیشت ئەوەیە پەیوەندی من لەگەڵ یەکێتی خۆشتر بووەو ئێستا دەتەوێ ڕاستی بکەیەوە.

کەنگی وایە، قەت وانەبووە.

*** ئەوان دەڵێن پێمانگوتن وەرن با لە کۆنگرە مەسەلەکان یەکالبکەینەوە ئێوە نەیەوە ئەوەتان ڕەتکردەوە، ئێوە بۆچی ڕازی نەبوون؟**

– هیچ کاتێك پێشنیارێکی وا لەالیەن ئەوانەوە نەکراوە، بەاڵم ئەگەر ئەوەشیان گوتبا ئێمە ڕەتمان دەکردەوە. چونکە وەك چۆن کۆنگرەی 13یان ئامادەکردبوو کۆنگرەی 14شیان ئامادەکردبوو. کابرا دووسااڵ پێش گوتوبەتی نیگەرانی کۆنگرەی 14 مەبن لەئێستاوە دەزانین چ کورسییەك کێی لەسەر دادەنیشێ. دەیویست بمانبات ئەو کۆنگرەیە.

*** دەنگۆی ئەوە هەیە کە جەلیلی گادانی گوتوویەتی ئێمە دەمانزانی دەرناچینەوە بۆیە دەبوا جیابینەوە، حەسەنی ڕستگاریش گوتبووی ئەو حیزبە لەتدەکەین. ئایا ئەوە ڕاستن؟**

– من هیچ لەو شتانەم نەبیستوە، بەاڵم ئەوەی ئەوە دەڵێ با ئیسپاتی بکا. دوو ڕۆژ پێش ئیعالنی ئەو مەسەلەیە کاك جەلیلی گادانی هەردوو ڕۆژ لەسەریەك هاتۆتە الی من گوتوویەتی کورە بزانن ڕێگایەك پەیدا نابێ. دەتوانم بڵێم یەکێك لەوانەی زیاتر لە هەمووانی پێناخۆش بووەجەلیلی گادانی بووە.

*** تۆ دەڵێی دەبێ مومتەلەکاتی حیزب لەنێوان هەردووالتاندا بەشبکرێ، بەاڵم ئەوان ڕازی نین ودەڵێن هیچ حیزبێك نییە مومتەلەکاتی لەگەڵ لێ جیابووەکانیدا بەشکردبێ، وەاڵمی ئێوە چییە؟**

– دوای لەتبوونەکە دیدارێکمان پێکەوە هەبوو، ئەو قسەیان فەرموو کە لەناوی حیزبەوە بگرە تا هەموو شتەکانی دیکە هەمووی هی حیزبی دیموکراتە، ئێوەش لەحیزبی دیموکرات ڕۆیشتون و دەچنە کوێ بڕۆنە ئەوێ. منیش پێمگوتن هەر ئەو عەقلیەتو مەنتیقەیە حیزبی دیموکراتی گەیاندە ئەو ڕۆژەی. باشە ئێمە دەیبەینە الی دادگا، الی یاسای حکومەتی هەڕێم داخوا چ یاسایەك ڕێ بەوە دەدا حیزبێك کەلەتبووە مومتەلەکاتی ئەو حیزبە الی یەکێك بێ. شەریفترینو مرۆڤانەترین کاریش ئەوەیە کە تۆ لەجیاتی ئەوەی

نەك لەئێستاوە ئیمزا لەسەر ئەوە بکەین؟

– جیاوازیەکی ئێمەو ئەوان ئەوەیە ئێمە شتەکان بەئاشکرا دەڵێین، بەاڵم ئەوان بەدزیەوە دەیانڵێن. هەموو کات گووتوومانە جەناح بوون نەتاوانە، نەگوناحەو نە جنێوە، بەاڵم وەرن با جەناحەکان بەشێوەیەکی شارستانیانە پێکەوە ڕەفتار بکەن. لەیەکێك لە بیست خاڵەکەدا شتێکمان نووسیوە کە هەر وەکو ئێوە کاتی خۆی لەکەمایەتیدابوون حیسابتان بۆکراوەو قسەتان دەگەڵ کراوەو بەتەڕەفێك دانراون، ئێوەش ئەو تەڕەفە بەڕەسمی بناسن. مەبەستیش لەو بەڕەسمی ناسینە ئەوەنەبووە کە بەڕەسمی بنووسن بەڵکو لەوەوە هاتوە کە کاك مستەفای هیجری کەمن لەگەڵی دانیشتوم دەیگوت نەجەمعم قبوڵە، نەجەناحم قبوڵە نە تۆماریشم قبوڵە. تۆماریش لەوەوە هاتووە کە لەیەك تاکە کۆبوونەوە کە قسەی نازادمان کرد، کەسێك هات بەنێوی عرفانی ڕەهنمون دەستی بەجنێوان کرد، 297 ئیمزا کۆکرایەوە کە دەبێ ئەو کابرایە سزا بدرێ.ئەوە تۆمارەکە بوو. هیچ سزایان نەداو ئێستا کردوویانەتە نوێنەر لە سلێمانی. بۆیە دەمانگوت دەبێ قبوڵ بکەن کە جەناحێك هەیە، ئێستا ئینشاڵڵا بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەوەی ئەوان دەیانگوت چەند پێشمەرگەو کادرێك لە حیزب جیابوونەتەوە چین و چەندن.

*** ئەوە قسەی ئەوانی دێکە نییە، بەاڵم قسەیەکی وا هەیە کە دەڵێ دەوری یەکێتی و کۆمەڵە لەجیابوونەوەی ئێوە و دەرکردنی بەیاننامەی جیابوونەوەی ئێوەدا هەبووە. لەوبارەوە چ دەڵێن؟**

– ئەوە قسەی ئەوانە، بەاڵم قسەی دزیانە، قسەی ئاشکرایان ئەوەیە کەحەسەنی شەرەفی لەچاوپێکەوتنەکەدا دەڵێ کەس نەبووە، ئەوەش ڕاستە، چونکە لەماوەی ئەو دوو ساڵ و چوار مانگ و نیوەدا یەك حیزب و یەك کەس لەو دنیایەدا قسەیەکی وایان بەئێمە نەگوتوە کە بۆنی ئەوەی لێبێ کە پێیانخۆشە ئەو حیزبە لەتبێ،هەموویان هاواریان کردووە کە هەوڵبدەن ڕێکبکەون. ئەوقسانە هەمووی بوختانە. کە ناتوانن ئیسپات بکەن، بەدزییەوە دەڵێن بەقسەی سەاڵحی موهتەدیان کردووە.

*** ئێوە قەت گوتوتانە ئەوانی دیکە یان خودی مستەفای هیجری تەمایول و هاوسۆزیەکی لەگەڵ پارتی هەیە؟**

– ئێمەش تەمایول و هاوسۆزیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، ئێمە هەوڵی یەکجار زۆر ماندواوە کەتەنانەت بەقەدەر میلیمەیترو میلیگرامیش جیاوازی لە پەیوەندی ڕەسمی ئێمە لەگەڵ هەریەك لە پارتی و یەکێتی وەك دوو هێزی دەسەاڵتدار نەمێنێ. بەاڵم کاتی خۆی کە کاك مستەفای هیجری وتوویژێکی لەگەڵ ئێوە کردبوو دەڵێ، ئێمە هەر لەزەمانی د.قاسملۆ وە تەعادوولمان لەپەیوەندییمان لە گەڵ ئەو دوو هێزەدا پێکهێناوە، ئێستا کۆمیتەی ناوەندی دەیەوێ لە گەڵ ئەو تەعادولە گۆڕاوە ڕاستی بکاتەوە. چووم پێمگوت ئەوە چییە گوتوتە، لەیەك قسەدا دوو ئیدیعات کردووە هیچی ناوانییە. یەکێکیان ئەوەیە کە تۆ دەڵێی لەزەمانی د.قاسملۆی ئەو تەعادولە هەبووە، زۆربەداخم کەوابووە، بەاڵم لەزەمانی

بۆئێستا کێشەکانی نەخستە ناو ڕاگەیاندن و نەخستە سەر سایتەکان؟

– لەماوەی ئەو دووساڵ و نیوەدا چەندین جار بەو برادەرانەمان گوتوە ئێوە کە لە کەمایەتیدابوون خۆتان زۆر بەمەغدوور دەزانی، هەموو هەوڵێکتاندا بۆئەوەی خۆتان لەو غەدرە ڕزگاربکەن، باشە لەو سێ کۆنگرەیەدا لەکامیان لە هەموان مەغدوورتر بوون ئاوا دەگەڵ ئێمە ڕەفتار بکەن، هەرکەس پێی خوار دانا بەتاوانبارو خایەنی دادەنێین، ئامادەنەبوون بیکەن. ئێمە لەکۆنگرەی 12دا بڕیارێکمان پەسەند کردبوو کە

بەردەوامە لە ل10